ح . هیچ شەریعەتێك دژی ئەمانە نیە گەڵاتیە ٥: ٢٣ ؛ گەڵاتیە ٥: ١٩ – ٢١ .

پاشکۆی ٥

ئامانجی شەریعەت و کۆتاییەکەی مەسیحە

أ. ئامانجی شەریعەت مەسیحە (ئامانج و واتاو جەوهەرو ناوەڕۆك و بەدیهاتنی) ڕۆما ١٠: ٤ . وشەی تیلوس ی یۆنانی بەکاردێت بە واتای ئامانج یان کۆتایی ، دەکرێ شەریعەت ئاماژە بێت بۆ تەواوی ڕاگەیاندنی پەیامنی کۆن و داواکاریە شەریعەتیەکان و یاساییەکان بە پێی ڕاڤەی مامۆستایانی جولەکە بۆیە دەکرێ وەرگێرانی ڕۆما ١٠: ٤ بە دوو شێوازو چەمك بێت لە چوارچێوەی ڕۆما ١٠ دا .

١. عیسای مەسیح شەریعەتی تەواوکرد .

بژاردەی یەکەم بۆ وەرگێرانی وشەی تیلوس "ئامانج" یان مەبەست ، ئاماژەیە بۆ وشەی شەریعەت بۆ ڕاگەیاندنی پەیمانی کۆن لە نێویاندا شەریعەتە ئەخلاقیەکان و پەرستش ومەدەنی چونکە ئامانج یان ناوەڕۆك ی شەریعەت بە واتای ڕاگەیەندنی پەیمانی کۆن واتە مەسیح لە پێناوی بێتاوانکردنی هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێ .

ڕۆما ١٠: ٤ ؛ مەتا ٥: ١٧ بڕوانە ڕۆما ٣: ٢١ ؛ ٤: ٧- ٨ ؛ ٩: ١١- ١٢ ؛ ١٠: ١٩- ١٣ ؛ ١١: ٢٠، ٢٣ ؛ گەڵاتیە ٣: ٦- ٢٢ ؛ ڕۆما ٣:

٢١- ٢٢ ؛ گەڵاتیە ٣: ٦- ٨ ؛ عیبرانیەکان ٤: ٢ . لە گەڕانەوەی جولەکە لە ڕاپێچەکەی بابلەوە (٥٣٨ پ. ز) مامۆستایانی ئایینی شەریعەتی پەیمانی کۆنیان وەکو ئامرازێك بۆ وەدەستهێنانی بێتاوانکردن یاخود ڕاستودروستی دادەنا ، وە فێریان دەکردن کە بێتاوانی بە کارکردن بە شەریعەت دەبێت .

وە کاتێ عیسای مەسیح هات گەڕاندیەوە بۆ مەبەستە ڕەسەنەکەی ڕاگەیاندنی پەیمانی کۆن ئەویش بێتاوانکردنە بە باوەڕ .

مەتا ٥: ١٧ ؛ ئەفسۆس ٢: ١٥ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٧ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ١ ؛ لۆقا ١٨: ٣١ ؛ ٢٤: ٢٥- ٢٧ ، ٤٤ ؛ وتەکان ٦: ٥ ؛ لێقیەکان ١٩: ١٨ ؛ مەتا ٢٢: ٣٧ – ٣٩ .

عیسای مەسیح تەنها مرۆڤێکە کە داواکاریە ڕاستودروست وادابەروەریەکەی شەریعەتی خودا کە فەرزی کردوە تەواوکرد .

١کۆرنسۆس ١: ٣٠ ؛ عیبرانیەکان ٥: ٨- ٩ .

عیسای مەسیح تەنها مرۆڤێکە کە شەریعەتی ئەخلاقی پاراست و تەواوکرد .

مەتا ٥: ١٧- ٤٨ ؛ مەرقۆس ١٢: ٢٨ – ٣١ .

عیسای مەسیح تەنها مرۆڤێکە کە شەریعەتی پەرستشی تەواوکرد .

عیبرانیەکان ٩: ١٠ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٧ ؛ عیبرانیەکان ٨: ٥ ؛ ٩: ١٠ ؛ ١٠: ١ ؛ مەتا ٢٧: ٥١ ؛ یۆحەنا ٢: ١٩- ٢١ ؛ عیبرانیەکان ٧: ١٢ ؛ عیبرانیەکان ٧: ١٦- ٢٨ ؛ دەرچوون ١٢: ٤- ٥ ؛ ئیشایا ٥٣: ٧ ؛ یۆحەنا ١: ٢٩ ؛ ڕۆما ٣: ٢٥ ؛ عیبرانیەکان ٧: ٢٦- ٢٧ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٨- ١٠ ؛ ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ ؛ کۆلۆسی ٢: ١١- ١٢ ؛ مەتا ٥: ١٧ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ پوچەڵی کردەوە ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠ – ١٤ ؛ بڕوانە ڕۆما ١: ٦- ٩ .

عیسای مەسیح تەنها مرۆڤێکە کە شەریعەتی مەدەنی تەواوکرد .

مەتا ٤: ١٧ ؛ ١٢: ٢٨- ٣٠ ؛ مەتا ٥- ٧ ، ١٣ ، ١٨ ، ٢٣- ٢٥ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٧ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٦ .

٢. عیسای مەسیح پێگەمبەرانی تەواوکرد .

پەیدابوون ١٢: ٣ ؛ ١٥: ٦ ؛ ٢٢: ١٨ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٦ ؛ ڕۆما ٣: ٢٨ .

عیسای مەسیح مەزنترین پێغەمبەرە .

١پەترۆس ١: ١٠- ١٢ ؛ بڕوانە ٢پەترۆس ١: ٢٠- ٢١ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٦ ؛ ئیشایا ٧: ١٤ ؛ مەتا ١: ٢٣ ؛ زەبور ٢٢: ١، ١٦ ، ١٨ ؛ زەبور ١٦: ١٠- ١١ ؛ زەبور ١١٠: ١، ٤ ؛ وتەکان ١٨: ١٥ ، ١٨- ١٩ ؛ کردار ٣: ٢٢- ٢٣ ؛ عیبرانیەکان ١: ١- ٢ ؛ یەهوزا ٣ ؛ وتەکان ١٨: ١٥- ٢٢ ؛ پەندەکان ٣٠: ٦ ؛ مەتا ١٥: ٣- ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٢ ؛ بینین ٢٢: ١٨- ١٩ .

عیسای مەسیح سەرۆك کاهینانە .

عیبرانیەکان ٤: ١٥ ؛ ٧: ٢٤- ٢٨ ؛ ئیشایا ٥٣: ١٢ ؛ ئیشایا ٥٣: ٥- ٦ ؛ زەبور ٤٠: ٦- ٨ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٥- ٧ ؛ عیبرانیەکان ٧: ٢٣- ٢٨ ؛ زەبور ١١٠: ٤ ؛ زەکەریا ٦: ١٣ .

عیسای مەسیح پاشای بە تواناو تاهەتاییە . پەیدابوون ٤٩: ١٠ ؛ ١هەواڵی ڕۆژان ١٧: ١٤ ؛ ئیشایا ٩: ٧ ؛ بینین ١: ٥ ؛ ١٩: ١٦ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٢٨ ؛ دانیال ٢: ٤٤ ؛ بینین ١٧: ١٤ ؛ ئیشایا ٩: ٧ ؛ زەبور ٢ .

ڕاڤەی پەیمانی کۆن .

لەبەرئەوەی عیسای مەسیح هات تاکو ڕاگەیاندنەکەی پەیمانی کۆن تەواوبکات بۆیە ناکرێ بەشێوەیەکی دروست لە پەیمانی کۆن تێبگەین تەنها لە ژێر ڕۆشنایی پەیمانی نوێدا نەبێت .

ب. عیسا کۆتایی بە شەریعەت هێنا ، ڕۆما ١٠: ٤ .

١. مەسیح کۆتایی شەریعەتە .

چەمکی دووەم بۆ وشەی یۆنانی تیلوس واتە کۆتایی بەڵام شەریعەت ئاماژەیە بۆ ئەم چەمکە بەوەی خەسڵەتەکانی داواکاری خودا وەکو یاساییەکان وشەریعەتی دادپەروەرانە بۆ بێتاوانکردن بە تایبەتی ئەو واتایەی ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە شەریعەتی موسایان پێ ڕاڤە دەکرد : خاڵی کۆتایی شەریعەت بەو واتایەی داواکاریە شەریعەتیەکانی بێتاوانکردن بە پێی ڕاڤە و شرۆڤەی ڕابەرانی جولەکە خودی مەسیحە ، تاکو هەر کەسێ باوەڕی پێ بهێنێ بێتاوان بکرێت .

ئیدی بەم شێوەیە ، بڕوانە ڕۆما ١٠: ٤ هەروەها ڕۆما ١٠: ٥ ؛ لێقیەکان ١٨: ٥ ؛ پەیدابوون ٢: ١٥- ١٧ ؛ پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ لەقیەکان ١٨: ٥ ؛ کردار ١٥: ١ ؛ مەرقۆس ٧: ١- ١٣ .

٢. تێڕوانینی جولەکەو فێرکردنەکانی پەیمانی کۆن .

پەیمانی کۆن خەڵکی فێرنەکردوە کە کارکردن بەشەریعەت مرۆڤ ڕزگار دەکات و بێتاوانی دەکات بەڵکو ئەم جۆرە فێرکردنە لەلایەن مامۆستایانی جولەکەوە بوو لە ماوەی گەڕانەوەی جولەکە لە ڕاپێچەکەی بابل و هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، وە جولەکە هەڵە بوون کە بەم شێوەیە ڕاڤەی خواستی خودایان کرد لە شەریعەت .

بڕوانە ڕۆما ٣: ٢١- ٢٢ ؛ ٤: ٦- ٨ ، ١٣ ؛ ٩: ١٥- ١٦ ؛ ١٠: ٦- ٨ ؛ ١٥: ٨- ٩ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠- ١١ ، ١٧- ٢٢ ؛ ٤: ٢١- ٣١ . بەمەش پۆڵس بەهیچ شێوەیەك ناڵێت شەریعەت ڕزگاریيە لە ماوەی پەیمانی کۆندا و ئینجیلیش ڕێگەی ڕزگاریە لە ماوەی پەیمانی نوێدا .

ئەوەی پۆڵس دەیکات بەراوردێکە لە نێوان تێڕوانینی هەڵەی ئایینی جولەکە سەبارەت بە ڕزگاریی لەلایەك و لەلایەکی تریەوە فێرکردنەکانی پەیمانی کۆن و نوێ سەبارەت بە ڕزگاریی .

بۆیە ڕەنگە ڕاڤەی دووەم مەبەستی پۆڵس بووبێت . ئەوەی پۆڵس دەیڵێت ئەوەیە کە عیسای مەسیح کۆتایی بە تەورات (شەریعەت) هێنا ، واتە

شێوازی ژیان کە مرۆڤ هەوڵی بۆ بێتاوانی (رزگاری) لە ڕێگەی کارکردن بە شەریعەت ، ئیدی عیسای مەسیح کۆتایی بەو چەمکە هەڵەیەی جولەکە هێنا ، بە ڕوونی ڕایگەیاند کە رزگاری و بێتاوانیی بە کارەکانی شەریعەت نایەتە دی بەڵکو دیاریەکی بێ بەرامبەرە دەدرێ بە هەموو ئەوانەی باوەڕ بە عیسای مەسیح دەهێنن .